# یەکی گوڵان

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە خۆپیشاندانی یەکی ئایاردا

## بفەرموون، وەرن لەگەڵ کۆمەڵە لە خۆپیشاندانی یەکی ئایاردابن!

کۆمەڵە لە یەکی ئایاردا، دەیەوێت خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕایگشتیی دیموکراسیی و ئاشتیخوازیی جیهان ڕابگەیەنێت. کۆمەڵە، هاوکات دەستی برایەتی و خوشکایەتیی بۆ گەلانی جیهان درێژ دەکات و داوای هاومافیی و یەکسانیی بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند دەکات.
کۆمەڵە داوای دادوەریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و جنسی بۆ کۆمەڵگای کوردستان دەکات و خەبات بۆ پلورالیزمی سیاسیی دەکات. کۆمەڵە دەنگی کرێکارانی کوردستان بۆ ئاشتیخوازیی، هاومافیی، ئازادیخوازیی و بەرابەریی ئافرەتان و پیاوان بە جیهان ڕادەگەیەنێت.
پیرۆز بێتساڵیادی یەکی ئایار!

شوێن: کۆمەڵە لە هومەلەگۆردن لە ستۆکهۆڵم کۆدەبێتەوە
کات : کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ کۆدەبینەوە. کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ بەرەو نۆڕابانتۆریەت دەکەوینە ڕێ
ڕۆژ: ١ ئایار
بە ئاڵای کوردستانەوە ڕێ دەپێوین و ئەمانەش دروشمەکانی کۆمەڵەن بە سوێدیی:

**١. سوپای ئێران کوردستان بەجێبهێڵە!**

**٢. پشتگیریی لە خەباتی ئازادیخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن!**

**٣. مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد!**

**٤. پیرۆز بێت یەکی مای، ڕۆژی هاوئاهەنگیی کرێکارانی جیهان**

**با پێکەوە هاوپشتیی بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و کرێکاران و زەحمەتکێشانی وەدەستبهێنین!**

**هەموو کەسێک بەخێر بێت!**

www.kurdistannet.org